وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 1520

ڕێکەوت : 16 / 4 / 2023

---

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.17- 2021) تەندەری پرۆژەی**

**( دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە ڕووباری سیروان بۆ ناحیەی پێباز لەگەڵ گەیاندنی کارەبای بەردەوام بۆ پرۆژەی ئاوی نوێی ناحیەی پێباز ) بۆ جاری سێیەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامـــــــادەکراوە لە لایەن ( ب.ئـــــاوی دەوروبەری گەرمیـــــان و ب.دابەشـــــکردنی کارەبـــــای کەلار) , لەســـــەر بـــــودجەی وەبەرهێنـــــانی وەزارەتـــــی شـــــارەوانی و گەشـــــت و گـــــوزار جێبەجـــــێ دەکرێـــــت , هەرکەس ئـــــارەزووی بەشـــــداری کردنـــــی هەیە بـــــا ســـــەردانی ب.ژمێریـــــاری لە دیـــــوانی ئیـــــدارەکەمان بکـــــات بەمەبەســـــتی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (150) سەد و پەنجا ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( 2 ) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( سێ شەممە 18 / 4 /2023)ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێنج شەممە 4 / 5 / 2023) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 300,000) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 7 / 5 / 2023) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ب.ئاوی کەلار بکەن .
• مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 4 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
2- بارمتەی یاسای بە بڕی ( 21,000,000 ) بیست و یەک ملیۆن دیناری عێراقی دەبێت بە چەکێکی باوەڕ پێکراو ( مصدق ) یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەر پێ کراو لە هەریمی کوردستان, بۆ ئیدارەی گەرمیان وە ناوی پرۆژەکەی لەسەر بنووسرێت ماوەی ( 120) سەد و بیست ڕۆژ بێت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا .
3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایيان نیە .
5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**